کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
12-7-2007 22:31بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## کۆچ کردنی مێرد منداڵانی عێراقی ... وریا خۆشناو:

دیارە ئەو بارودۆخەی کە ئێستا لە عێراق دروست بووە کاریگەری ڕاستەوخۆی هەیە لە سەر منداڵان، لە 6مانگی ڕابردوو وولاَتی سوید بە هەزاران مێرد منداڵی عێراقی ڕوویان تێکردووە. ڕۆژنامەی ئەفتونبلادێت ی سویدی چاوپێکەوتنی لەگەڵ هەندێک لەو منداڵانە کردووە،

بەحری:



بەحری ئەو کوڕە 16ساڵەیە وا بەسەرهاتی هاتنی خۆی ئەگێرێتەوە، من بەپێ لە وولاَتەکەم بۆ سەر سنوور هەڵاتووم و ماوە شەو و ڕۆژێکی خایاند، دوایی چ دوایەک هەر جەهەندەمێک بۆخۆی دەستی پێکرد، ئێمە ژمارەمان زۆر بوو لە ناو لۆریکدا بووین لەوکاتەدا من راپێچی جولەکەکانم هاتەوە بیر کە لە شەڕی جیهانی دووەم پێیان کرا، ، ئێمە کەسمان یەکترمان نەدەناسی قاچاغچیەکان لەگەڵ چەند کەسێک بووە دەمەقاڵێ من پێم وابێ لەسەر پارەبوو زۆریان لە کوڕێکدا ئەوەی بزانم کورەکە گەر ئەو کات مرد، و دوایی لەرێگادا فرێیاندا خوارەوە و ئێمە بەردەوامبووین لە ڕۆیشتن،



بەحری تەمەنی 16سالە بەڵام گەورەتر دیارە دەمو چاوی زۆر غەمباراویەو لەشی لاوازەو بەژنی کورتە و ئێواران وەرزشی ئاسنین دەکات و هاوڕێکانی بەدەم پێکەنینەوە سەیری بەحری ئەکەن،

بەحری تەنها ناوی خۆی دەزانێت بنووسێت لەبەر ئەوەی نەیخوێندوە لە قوتابخانە.

بەحری بەردەوامەو دەڵێت، کاتێک ئێمە زانیمان کەوا لەرێگادا این بەرەو ئەوروپا، هیچ کەس بۆی نەبوو بچێتە دەرەوە بۆ دەست گەیاندن بەئاو، من بۆماوەی 16ڕۆژ دەرگایان لەسەر داخستووم و ژیانم

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

بردۆتەسەر. پاشان ئیمەیان لە جێگایەک دابەزاند کە سوید بوو ئێمەیان بە جێهێشت ولۆریەکی دی ئێمەیان گەیاندە ناو جەرگەی سوید.
بەحری دەڵێت، زۆر حەز ئەکەم دەروونزانێک ببینم و قسەی لەگەڵ دا بکەم
من حەز ئەکم یەک شت بکەم ئەویش خوێندنە و وە ببەم بە دەروونزان، ، ،

///ستۆلهۆلم-

ئەو نووسینانەی لە كوردستان نێت دا بڵاودەكرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەكانیانە، كوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.